ت/ رۆشنە عومەر

# گوڵان لە دیدی



لە ساڵیادی دامەزراندنی گوڵاندا کە هاوکاتە لەگەڵ رۆژی رۆژنامەگەری کوردی و دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)، بەحوکمی ئەوەی گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لە رۆژی دەرچوونییەوە تا ئێستا بەبێ وەستان بەردەوام بووە، بەپێویستمان زانی چەند هونەرمەندێك بهێنینە ئاخافتن نەك بۆ دیمانە بەڵکو بۆ ئەوەی بەتێبینی و ءاو سەرنجەکانیان دەوڵەمەندمان بکەن و پەنجە لەسەر کەموکورپییەکان دابنێن تاکو ئێمەش بەپێی توانا هەوڵ بدەین سوود لە ئامۆژگارییەکانیان وەربگرین و بتوانین کەموکورپییەکان ئەگەر هەبن نەهێڵین و خزمەتێك بە هونەر و هونەرمەندانی کورد بکەین.

### گوڵان لەو گۆڤارە سەرکەوتووانەیە کە هەمیشە پێشەنگێتی خۆی سەلماندووە

هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی شارەزا لەبواری میوزیك سەبارەت بەگۆڤاری گوڵان وتی» گوڵان لەوگۆڤارە سەرکەوتووانەیە کەهەمیشە پێشەنگێتی خۆی سەلماندووە لە بەدواچوونی بابەتەکان بەگشتی و هونەری و رۆشنبیری بەتایبەتی یان بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەموو بوارەکانی تری، لە رووی بابەتەکانی هەمە رەنگ بەشێوەیەکی جوان و پڕ مانا دارێژراون ، ئەو کەسایەتیانەی تیایدا دەنووسن کەسانی دیار و شارەزان لەبواری رۆژنامەوانیدا،خەمخۆری دیاری پێوە دیارە و جێگای رێزن، هەروەها لە رووی بایەخدان بەدیزاین و ئەو رەنگانە و وێنە رەنگاورەنگەکانەوە جۆر و قەوارەی گۆڤارەکە کوالیەتیەکی زۆرباش و جوانی هەیەو جێگای سەرنجراکێشانە، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە کە بایەخدانە بەوگۆڤارە و ئەو کەسانەی کاری تیادا دەکەن و سەرپەرشتی دەکەن.

بۆیە پڕ بە دڵ پیرۆزباییتان لێدەکەم ماندوو نەناسانی گۆڤاری گوڵان بە گوڵاو بۆنرێژتان دەکەم و هەمیشە ئەو پێشەنگییەتان بەردەوام بێت و هەر بژین.

### گوڵان وەکو گوڵزارێکە هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە

خانمە گۆرانیبێژ نازێ عەزیزی دەڵێت «گوڵان یەکێکە لەو گۆڤارە سەرکەوتووانەی کە هەموو برگەیەك لەخۆی دەگرێت.من یەکێکم لەوکەسانەی کەهەموو هەفتەیەك کەدەردەچێت بەدەستم دەگات شتی جوانی لێ فێردەبم .

جوانی ئەم گۆڤارە لەوەدایە کە تایبەت بەیەك شت نییە، وەکو باخی گوڵزارێکە کە هەموو جۆرە گوڵێکی تێدایە. بۆنی هەموو گوڵێکی تێدایە. بەڕای من واباشترە کاتێك دیمانەی کەسێك دەکەن پێش ئەوەی بچێتە چاپ کەسەکە بیبنێتەوە بۆ ئەوەی تووشی هیچ گلەییەك نەبن لەلایەن هونەرمەندەکانەوە، چونکە بەڕاستی هەم لە رووی کوالێتی و ڕەنگەوە گۆڤارێکی سەرکەوتووە زۆرترین تیراژی هەیە لە بازاڕ لەچاو گۆڤارەکانی تر .

### پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە جێگا پەنجەیان دیارە لەنێو هونەری کوردی

هونەرمەند وریا ئەحمەد شارەزا لەبواری میوزیك وتی» سەرەتا پیرۆزبایی لەستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم، بەڕاستی گۆڤارێکی سەرکەوتووە لەڕووی چاپ و کاغەزو رەنگەوە بەشێوەیەکی جوان دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران، بەڵام خۆی گۆڤارەکە گۆڤارێکی سیاسییە زۆربەی شیکردنەوەی بابەتە سیاسییەکان لەگەڵ سیاسەتمەدارەکان برێك



# هونەرمەندانەوە

لەجیهانی هونەرییەوە دووره، بەراستی بۆ بەشی هونەری ئەم شەش لاپەرەیە کەمە، لەبەرئەوەی گۆڤارەکە قەبارەی گەورەیەو لاپەڕەی زۆرە ئەو شەش لاپەڕەیە بکرێت بە دەلاپەڕەو پلانی بۆ دابنرێت باشترە زۆربەی جار ئەو هونەرمەندانەی کەلەدەرەوەی کوردستان دێنەوە ڕاستەوخۆ دیمانەیان لەگەڵ دەکرێت وەك ئەوە وایە ئەوانەی کوردستان شیاوی ئەوە نەبن. خۆی گۆڤاری گوڵان گۆڤارێکی سەنگینە لەنێوخەڵك پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کەجێگا پەنجەیان لەنێو هونەری کوردی دیارە، بۆئەوەی وەك ئەرشیفێك ئەو شتانەی لەلایانە تۆمار بکرێت پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکەن. بۆ نموونەکاتێك دیمانەتان لەگەڵ هونەرمەند مەزهەری خالقی کرد بوو لەیەکێك لە نووسینەکانم ئاماژەم پێدابوو لەگەڵ زۆرێك هونەرمەندی پایەبەرز دیمانەتان کردووە، بەڵام جاری واهەیە دیمانە لەگەڵ کەسی وادەکەن بەڕاستی زۆر پێی دڵتەنگ دەبم، چونکە کەسەکە لەئاستی ئەم گۆڤارەدا نییە.

## بەپێی پێویست نەیتوانیوە ڕاستییەکە بڵێت بەتایبەت لەو ڕەوشە شڵەژاوەی ئێستای هونەری کوردی

هونەرمەندی گەورە نەجمەدین غولامی دەڵێت: گۆڤاری گوڵان توانیویەتی لەگەڵ هونەرمەندان وتووێژ بکات بەڵام بەپێی پێویست نەیتوانیوە ڕاستییەکە بڵێت بەتایبەت لەو ڕەوشە شڵەژاوەی ئێستای هونەری کوردی، هەروەها ئەو هونەرمەندانەی جێی پەنجەیان دیارە لەنێو هونەری کوردی بەشێوەیەکی باش نەیتوانیوە خزمەتیان بکات.دەبوایە دەوری باشتری بگێڕابایە، بەڵام نەیتوانیوە هیوادارم لەداهاتوو بتوانێت ئەم بۆشاییانەی کەئێستا هەیەتی پڕی بکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر هونەری ڕاستەقینە دروست بکاتەوە، چونکە گۆڤارێکە زۆرترین تیراژی دەکەوێتە بازار .

## یەکێکە لەگۆڤارە باشەکان

ڕۆژنامەنووس عەبدولغەفار عەبدوڵڵا سەبارەت بە گۆڤاری گوڵان وتی «گۆڤاری گوڵان شان بەشانی ئەو گۆڤارانەی کەهەن لە کوردستان وەکو ڕاگەیاندنێکی خوێندراو توانیویەتی خوێنەرێکی باش بۆ خۆی پەیدا بکات، ڕاستە بەشی زۆری خۆی بۆ شرۆڤەی سیاسی تەرخان کردووە، بەڵام کۆمەڵێك بەشیشی لەخۆگرتوە، وەکو»کۆمەڵایەتی و هونەری وەرزشی، ئەوەی من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم بەشی هونەرییەکەیەتی دیارە ئەو فایلە لەفایلە باشەکان دادەنرێت، هیوادارم باشتریش بێت .چونکە ئەو گۆڤارانەی کە هەفتانە دەردەچن جیاوازییەکی زۆریان هەیە لەگەڵ گۆڤارەکانی تر هەندێکجار هەنگاوی باشیان هاویشتووە بۆنموونە «دیمانەی هونەرمەندە فارس و عەرەبەکان «ئەمەش هەنگاوێکی باشە، بەڵام پێویستە لەسەر پرسە هونەرییەکانی ئێستا هەوڵی باشتر بدات و ژمارەی لاپەڕەکانی زیاتر بکرێت، چونکە بڵێین و نەڵێین جەماوەری هونەری و وەرزشی لەسەرانسەری جیهان زۆرترە. زۆرجار دەبینم دیمانەی هونەری باش دەکرێت بەڕای من پێویستە بایەخی پێبدرێت بهێنرێتە سەربەرگ شانبەشی ئەو بەرپرسە سیاسیانەی کە هەن من ناڵێم کە بایەخ بە سیاسەت نەدرێت، بەڵام دەبێت گرنگی بەهونەریش بدرێت، هەروەها دەستخۆشی لەوکەسانە دەکەم کەبێ پچڕان لەگەڵ ئەم گۆڤارە کار دەکەن .

## هیوادارم زیاتر بایەخ بەلایەنی هونەری بدات

هونەرمەندی گەورە و پڕ ئەزموون ئیسماعیل سابووری ئەویش سەبارەت بەم یادە بەمشێوەیە هاتە ئاخافتن: ئەوەندەی من ئاگادارم یەکێکە لە گۆڤارە باشەکان، بەڵام هیوادارم زیاتر بایەخ بەلایەنی هونەری بدات بەتایبەت کاتێك دیمانەی ئەو هونەرمەندانە دەکەن پرسیاری ئەوەیان لێبکەن لەسەر مەقامات و لایەنە تایبەتیەکانی ژیانیان. ئێستا کۆمەڵێك گۆڤاریی گوڵانم لایە وەکو ئەرشیف هەڵمگرتوون، گۆڤارێکی زۆر جوانە و هیوادارم بتوانن هەروا بەجوانی بابەتەکانیان بهێڵنەوە.



# مەلەک ڕۆژهات «بەمندالی حەزم دەکرد ببم بەدکتۆر

کچە گۆرانی بێژی کوردستانی باکور مەلەك ڕۆژهات کەسێکی زۆر دڵ ناسکە تەنانەت لەگەڵ فلیمێکی خەمناکیش دەگریت . مەلەك لەساڵی ١٩٩١ لەباکوری کوردستان لەباژێری وان لەدایك بووەو تاکو ئێستا خاوەنی دووبەرهەم و چەندین کلیپە .مەلەك دەڵێ «زۆر ڕقم لەخیانەت و بێبەختیە بۆیە ئەوەی خیانەتم لەگەڵ بکات قەت نایبەخشم .هەروەها زۆریش تورە دەبم بەدرۆ کردن . مەلەك ئاماژە بەوەشدەدا کە کاتێك مندالّ بووە زۆر حەزی کردووە ببێت بەدکتۆر .مەلەك وەك باس دەکات دەڵێت « زۆر پرسیار هەبووە حەزم کردووە ئاراستەم بکەن،بەلاّم تاکوئێستا لێیان نەپرسیوم .



## رایس بەشداری لە زنجیرەیەکی کۆمیدیدا دەکات

بڕیار وایە کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بەشداری لە زنجیرەی (سێرتی رۆك)ی کۆمیدیدا بکات وەك میوانێك.
تینا فای بەرهەمهێنەر و پاڵەوانی زنجیرەکە کە چەند خەلاّتێکی (ئیمی)ی بەدەستهێناوە لە دیمانەیەکی رادیۆییدا رایگەیاند: کۆندالیزا رایس لە دوو ئەڵقەی داهاتووی زنجیرەکەدا بەشداری دەکات وەك میوانێك و رۆڵی ئەو ئافرەتە دەبینێت کە جاك خۆشی دەوێت و ئەلیك بۆلدوین رۆڵی جاك دەبینێت.
فای هەروەها رایگەیاند کە جگە لە رایس چەند کەسایەتییەکی دیکەی بەناوبانگ لەم وەرزەدا بەشداری لە زنجیرەکەدا دەکەن.





# خۆ پیشاندانەکان کاریگەریان لە نەجوا کەرەمیش کردووە

ئەو ناسەقامگیریە سیاسییە و ئەو خۆنیشاندانەی ئێستا کە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە، کاریگەری لەسەر هونەرمەندانیش هەیە و بازاڕی ئەوانیشی کز کردووە.
ئەوەتا خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی بڕیاریداوە بڵاوکردنەوەی دوایین بەرهەمی هونەری خۆی دوا بخات بۆ کاتێکی نادیار، ئەمەش لەبەر ناڵەباری و ناسەقامگیری و ئەو خۆنیشاندانانەی کە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکانی گرتۆتەوە، لەوانەش سوریا کە زۆر لە لوبنانەوە نزیکە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش یەکێك لە گۆرانییەکانی بەرهەمی داهاتووی نەجوا بەناوی (وێن) لەسەر ماڵپەری یوتیوب بڵاوکراوەتەوە بێ ئەوەی ئاگادار بێت.



# سابووری بێدەنگی دەشکێنێ

دوای ماوەیەك بێدەنگی وئەنجام نەدانی کاری هونەری، هونەرمەندی ناودار ئیسماعیل سابووری خۆی ئامادە دەکات بۆ چەند کارێکی هونەری.
لەم بارەیەوە هونەرمەند ئیسماعیل سابووری لە پەیوەندییەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵاندا رایگەیاند: دوای بێدەنگییەکی زۆر کە هۆکارەکەی بۆ نەبوونی پاڵپشتی ماددی و پشتگیری نەکردنی لە هیچ لایەکەوە، ئێستا خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی هونەری نوێ کە لە ٩ تراك پێکدێت و تا ئێستا کاری ٦ لەم تراکانە تەواو بووە، و ئێستا خەریکی تەواو کردنی تراکەکانی ترە و ئەم کارەش بە هاوکاری هونەرمەندێکە کە نامەوێ ناوی ئاشکرا بکەم، هەروەها سابووری ئەوەشی ئاشکرا کرد کەوا یەکێك لە بەرهەمەکانی فۆلکلۆرە و بەشێوەی سەمفۆنیا ئامادە کردووە، بەڵام تا ئێستا هیچ ناوێك بۆ بەرهەمەکە دانەناوە.
سابووری ئەوەشی راگەیاند کەوا لەگەڵ هونەرمەند سەید ئەحمەد رێککەوتووە کە ئەو کارە هونەریانەی بڕیار بوو چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەنجامیان بدات تەواویان دەکات.

# ئەماندا چێژ لەسەرکەوتنەکانی خۆی وەرناگرێت

مەرج نییە سەرکەوتن و ناوبانگ هەمیشە مایەی خۆشی و کامەرانی بن، ئەوەتا کچە ئەکتەری ئەمریکی ئەماندا سیفرید ئاشکرای دەکات کە ناتوانێت وەك پێویست چێژ لە سەرکەوتنەکانی وەربگرێت.
سیفریدی تەمەن ٢٥ ساڵ لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (ئایلە)ی ئەڵمانی وتی: هەمیشە کە هەموو کاروبارەکان بە باشی بەڕێوە دەچن و ئەو کات کە پێویستە من دڵخۆش بم، کەچی لەو کاتانەدا هەست بە جۆرێك ترس و دڵەڕاوکێ دەکەم و هەست بەوە دەکەم کە خەریکە هەموو شتەکان لەدەست بدەم، بۆیە پێموایە تووشی جۆرێك لە شێتی بوومەتەوە، سیفرید هەروەها دەڵێ: سەرکەوتن لە هۆلیۆد پێویستی بە توانای خۆڕاگرتن هەیە، من خۆڕاگرم و هەر کاتێك دووچاری حاڵەتی زۆر توند دەبمەوە، ئەو کات زۆر بە هێزتر دەبم.





# گوڵان بەشی سینەمای کۆلێژی هـ

ئا: لۆلان ئازاد

**لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هونەری سینەما کە هونەری حەوتەمە و هەموو هونەرەکانی تر خۆی تیادا دەبینێتە و پێناسی پێشکەوتن و بەجیهانی بوونە. بەهەموو شێوەیەك کارئاسانی بۆ دەکرێت تا زۆر بە ڕاشکاوانە بڕواتە ناو کۆمەڵگاو بینەران، چونکە ئەوان سینەما بە ئاوێنەی کۆمەڵگە دەزانن.**
**بۆ نموونە لەوڵاتێکی وەك ئێراندا بە تەنیا لە ناو تارانی پایتەختتدا (١٣٠) هۆڵی سینەما هەیە. یان لە وڵاتێکی وەك بەرازیل سینەمای تایبەت بۆ ئەو خانمانە کراوەتەوە کە دایکن و منداڵی ساوا و بچووکیان هەیە کە ناتوانن بەهۆی منداڵەکانیانەوە بڕۆنە سینەماو چێژ لە دنیای سینەما وەربگرن. ئەگەرچی ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەشێك هەیە بەناوی سینەما، ماوەی حەوت ساڵە کراوەتەوەو سەرەتا (د.سەلمان فایەق)سەرۆکی بەشەکەبووە کە بەڕێزیان لەبواری سینەمادا ئەزموونێکی درێژی هەیە..**
**دەتوانین بڵێین لەسەرەتاوە بەشەکە ئاستێکی باشی هەبووەو خاوەنی چەند کارێك بووە کەلەڕووی تەکنیکەوە باش بوون، بەڵام لە ڕووی سیناریۆ و دەرهێنانەوە لە ئاستێکی ئەوتۆدا نەبوون، گۆڤاری گوڵان بە باشی زانی لە نزیکەوە ئاگاداری گرفت و و کەموکورپیەکانی ئەو بەشە بێت و بیانخاتە ڕوو..**

### هەموو بەشەکانی کۆلێژی هونەر کێشەیان هەیە بەتایبەتی بەشی سینەما

**سەرەتا بەڕێز د. فازڵ جاف (ڕاگری کۆلێژی هونەرە جوانەکان)وتی:**

ئێمە لە کەس ناشارینەوە وەکو بەشی سینەما کێشەی زۆرمان هەیە و کێشەی سەرەکیش نەبوونی ستافێکی باش لەمامۆستا و کەسانی شارەزا لەبواری تەکنیك کە ئەمەش بڕبڕەی بەشی سینەمایە لە هەموو بەشەکانی سینەمای جیهاندا، بەردەست خستنی مامۆستاکانی بەشی تیۆری ئاسانترە لە مامۆستاکانی پراکتیك و تەکنیك ئەمەش کێشەی سەرەکیمانە. من ماوەیەکی کورتە دەست بەکار بووم بەهیوای ئەوەم کە بتوانم لەساڵی داهاتوودا سەرجەم کێشەکان چارەسەر بکەم بە هێنانی مامۆستای پرۆفیشناڵ و سەرکەوتوو لە دەرەوەی هەرێم کە لە ئێستاوە پێوەندیم بە کۆمەڵێك کەسەوە کردووە، هیوادارم بەرهەمیان هەبێت. یەکێك لە هەنگاوە گەورە و پێشکەوتووە کانی کابینەی پێشووی واتە کابینەی پێنجەم کردنەوەی ئەم بەشە بوو هەروەها ئەو کابینەیە کاری زۆر باشی کردوە بۆ



بەرەو پێشبردنی سینەما لە دەرەوە و ناوەوەی کۆلێژ کە پشتگیری زۆر کاری سەرکەوتووی کردووە. هیواداریین بۆ لەمەودوا حکومەتی هەرێم کاری زۆر باشتر بکات و درێژەپێدەرو بەرەوپێشبەری ئەم بەشە بێت. کۆلێجی سینەما لەئێستادا پێویستی بەوەیە کە ژێرخانێکی تۆکمەو پتەو هەیە، ئەو پلانەی کە پێشتر هەبووە و کاری پێکراوە پلانێکی زۆر باش نەبووە ئامانجیان تەنیا دروستکردنی فیلم و ناردنە دەرەوەی فیلم بووە . کێشەیەکی تری سەرەکی بەشی سینەما نەبوونی بینایەیە کە ئێستا ئەوان لە خوێندنگەیەکی سەرەتاییدا لەنهۆمی دووەمدا دەخوێنن لەناو بینای کۆلێجی هونەرە جوانەکاندا نین، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە، چونکە خوێندکارانی بەشەکە دوورن لەهاوڕێکانی بەشەکانی تر کە ئەمەش وا دەکا دانوستان و گفتوگۆی هونەری لەنێوان خوێندکارانی ئەم بەشەو بەشەکانی تردا نەبێت. بینای کۆلێجەکەش زۆرکۆنە پێویستمان بەبینایەکی پێشکەوتووتر هەیە..

### چەند خوێندکارێک دەنێردرێنە دەرەوە بۆخوێندن.

لەبەرنامەی تواناسازیماندا چەند خوێندکارێکمان دەنێرینە دەرەوە بۆ تەواوکردنی ماستەر کە لە یەکەم ودووەمەکانن خویندکاری دەرچووی تریشمان لەبەشەکەدا دامەزراندۆتەوە. لە کۆتایی قسەکانمدا دەڵێم هیوادارم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بە بەشەکە بدات و لە نزیکەوە ئاگای




# ـونەرە جوانەکان بەسەر دەکاتەوە

لیَ بێت حیسابی وردی جیاواز لە کۆلێجەکانی تری بۆ بـکات، چونکە کۆلێجی سـینەما پێگەیەکی تایبەتی تـری هەیە لەکۆمەڵگـەدا و کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەرە تەواوی چین و توێژەکانی کومەڵگـە. بەبڕوای من تەنیـا کومەڵگەی ئێمە گرنگی تـەواوی بەم کۆلێژە نـەداوە لەناو هەموو کۆمەڵگەکانی جیهاندا کە دووبـارە دەڵێم هیوادارم هاوکاریمـان بکات گرنگی تەواو بەکۆلێجەکە بدات سـینەما واتە هونـەری پیشەسـازی، پێوەندی و راگەیاندن.

### زۆربەی ئەو کەرەستانەی بۆ وانەی مکیاژ بەکاریان دێنین بەسەرچوون

**هەروەهـا قوتابی پەروەر تاریق دەڵێ:** کێشـەکانمان زۆرن کێشـەی سـەرەکیش نەبوونـی مەنهـەج و پەیڕەوێکی باشە لەگەڵ نەبوونی ماموستا، بە ڕای من دەتوانرێت سەرجەم کێشەکانی کۆلێژەکە چارەسەر بکرێـت بەتایبەتی نەبوونی مامۆسـتا، کێشـەی گەورەمان ئەوەیە کە هەندێك مامۆسـتای زۆرباش هـەن، بەڵام لەبەرئەوەی کە بڕوانامەی ماسـتەر و دکتۆرایـان نییە، لێرە دانامەزرێن لەگەڵ ئەوەی کە خاوەنی ئەزموونن و بەهرەو توانایەکی باشـیان هەیە من داواکاریـم ئەوەیە کە حاڵی ئێمە ڕەچاو بکەن و ئەو مامۆستایانە دامەزرێنن، ئەگەر ناتوانن مەنهەج بگـۆڕن دەتوانن کە چەند ماموسـتایەکی باش لە دەرەوەی وڵات بهێنن. لەلایەکی ترەوە کێشـەی بینا هەیە لەگەڵ نەبوونی کەرەسـتەی سینەمایی، ئێمە وەك قوتابیانی قۆناغی دووەم نزیکەی نۆ ماددەمان هەیە کە هەموویمان تا ئێسـتا بەباشی نەخوێندووە بۆ نموونە وانەی دەرهێنان کەوانەیەکی زۆر گرنگە لە سەری سـاڵەوە دوو مەلزەمەی دوو لاپەڕەییمان خوێندووە. وانەیەکی تری گرنگ وانەی سـینەما تۆگرافییـە کە لەوەزارتەوە عەقدەکە بۆ مامۆسـتا تازەناکەنەوە ئەو بڕە پارەیەشـی کە پێی دەدەن بەس بەشـی کرێی هاتوچۆکەی دەکات کە لە شـاری دهۆکەوە دێت. وانەی مکیاژمان هەیەو هەموو ئەو پێداویسـتیانەی کاری پێدەکەین ئێکسپایەر بووە کە ڕەنگە تووشـی چەندین نەخۆشیمان بکات. وانەی جومناسـتیکمان هەیە کـە زۆر گرنگە بۆ نەرمی جەستەی ئەکتەر تا ئێستا نە ئێمە و نە قۆناغی یەك نەیانخوێنـدوە، دەبوایە کاتێك کە ئەم کۆلێژە دامەزرا بیر لـە هەموو شـتێك بکرابایەوە، کێشـەی هەرە سـەرەکیمان ئەوەیە کە لە دوای خوێندن شوێنێکی شـیاو نییە کاری تێدا بکەین و ئیشـی سینەماکار هێنان و بردنـی وەرەقە نییە لەناو دائیرەیەکدا بەڵکو دەبێـت لە شـوێنێکدا کار بکات کـە درێژەپێدەری خوێندنەکەی بێت.

### هەندێک لەماموستاکانمان لەئاستی پێویستی ئێمەدا نین

**سـەروەت عەلی قوتابـی قۆناغی یەکـەم دەڵێ:** کێشەی سـەرەکی نەبوونی مامۆستای پروفیشناڵە ئەو مامۆسـتایەنەش کەوانە دەڵێنـەوە هەندێکیان ئاسـتی زانیارییان باش نییـەو ئەزموونی کەمیان هەیە، ئێمەی خوێندکارانی سـینەماش ماوەیەکی دیاریکراومان هەیـە بۆ فێربوون کە ماوەکەی چوار سـاڵە، وا ئەمسـاڵمان بەڕێکرد کە بەکۆی هەموو وانەکان بیست لاپەڕەمان نەنووسیووە و هەندێك وانەی سەرەکیشمان نییە وەك نووسینی سیناریۆ و دەرهێنان و ڕووناکی کامێـرا و مۆنتاژ، هەندێك بابەت هەیە کـە زۆر زەروور نییە کە هەمانە نەشـیخوێنین زۆر گرنگ نین. داواکاریشـمان بۆ حکومەت هەرێمی کوردسـتان ئەوەیە کە بە دەم داواکارییەکانمانەوە بێت و چارەسـەریان بکات بۆمان، تا ئێمـەش بتوانین هەنگاوێك سـینەمای کـوردی ببەینە پێشـەوە. داواکاریمـان ئەوەیە کە خەمێکمان لێبخوات تا هیچ نەبێت بتوانین سینەمای کوردی بگەیەنینە ئاستی سینەمای جیرانەکانمان نەك سینەمای جیهان .

دانـا محەمەدی قوتابیش دەڵێ: کێشـە زۆرن وەك نەبوونـی کافتریا و پێداویسـتی تایبەت، ئێرە وەك بیابانـە نەك کۆلێژ لەقاڵبی هونەری هاتۆتە دەرەوە. ئەمساڵ خوێندکاری زۆریان وەرگرتووە کە زۆربەیان بە واسـیتە وەرگیراون تەنانەت هەندێکیان لەدوای نیوەی ساڵەوە دەوامیان کردووە وەك قوتابییەکانی تر دەیگێڕنەوە؛ لەسـەرەتای کردنەوەی بەشەکەدا چوار ڕۆژ تاقیکردنەوەی وەردەگیرا پاشـان بڕیار لەسەر وەرگرتنی دەدرا. پاشـانیش کە دەیانزانی کۆلێژەکە ئاوایە خوێندکاریان وەرنەگرتایە تا ئێمەش لەبوارێکی تر پەرەمان بە تواناکانی خۆمان بدایە تووشـی ئەم هەموو نائومێدیەی ئێستا نەبووینایەتەوە..

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کەسەرجەم بەش و کولێجەکانی هەرێمی کوردسـتان هەوڵی جیدی بـۆ دراوە تەنیـا کۆلێژی هونەر نەبـێ بەتایبەتی بەشی سینەما، چونکە پێویستی بە فەزاییەکی زۆر تایبەتی تر هەیە لەچاو هونەرەکانی تردا. سەرەڕای هەموو ئەم کێشـانەش سینەماکاران دەڵێن کوردستان هەرزانترین و شـیاوترین جێگایە بـو وێنەگرتن و فیلمسازی بەڵام ئەفسووس کە هەڵگری ئەم هەموو کێشـەو قەیرانە هونەرییەیە کەوای کردووە هونەر و هونەردۆستانی کوردستان ڕۆژانە لە فەرامۆشبووندا ژەنگ هەڵێنن و خەونە ڕەنگاوڕەنگەکانیان لە گۆڕ بنێن.